# ئەی تۆ...

# ئەی خۆم...

# بەرد چەند ئینکارە...



زانیار محەمەد

بێتاقەتم
بەفریام بێ
تۆ...
ئەی تۆ
ئەی من
ئەی خۆم
بەهانام بێ !
گەر مردم گلەیی مەکەو
بەرد مەگرە ماسییەکان !
شەپۆلەکان مەشێوێنە.
تەماشای ئەو
بەردانە بکە
کە لە کەناری دەریاکەدا
ئاو چەند میهرەبانانە تەڕیان دەکاتو
وەلێ ئەوان
لەسەر بەردبوونی خۆیان بەردەوامن!

* * *

ئاو تەنهایە،

منیش لەم باخی گشتییەدا

کورسییەکم گرتووە

بۆ ئەو لەحزەیەی

تۆ لە خەونەکانم دێیتە دەرەوەو

لەگەڵم دادەنیشی...

* * *

ئەی خەیاڵی من

هەتاکو کەی لای ئەو نایەیتەوە؟

هێند لەلای ئەو بووی

هەست بەتەنهایی خۆم دەکەم،

تکایە وەرەوە

زەڕورم بۆت...

خەیاڵ گیان

پێیەکانت چۆن هیلاك نابن؟!

ئەو چۆن لێت وەڕس نابێت؟!

ئەو ساتەوەختەی من دەمرم خەیاڵ گیان ڕەنگە لای ئەو بیت!

* * *

عەشق ئەوەیە

من تەماشات کەمو

دڵم تك تك بڕژێت...

تۆیش ڕووەو من دەرگاکانت بخەیتە سەر پشت!

هەردەم بۆ ... ((قورسترین ناو))

